# کۆمەڵگایەک نەتوانێت بەر لەئافرەت کوشتن بگرێت، ئەوا قسەکردن لەبوونی دیموکراسی جێگەی گاڵتەجاڕییە

تریفە عەلی

کۆمەڵگای کوردی ساڵەهای ساڵە خاوەنی مۆراڵێکی سیاسی ئاشتیخوازانە نەبوە سەرتاپای کەلتورە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکەی شەڕوو خوێن دروستیان کردووە، کۆمەڵگایەکە خانە بەخانەی پێکهاتەکانی شەڕوو تیرۆر بەڕێوەی دەبات، تیرۆر بنەمای ڕەتکردنەوەی جەستەو روحی بەرامبەرە، واتە سڕینەوەی بونەوەرێکە ناوی مرۆڤە، لێسەندنەوەی تەواوەتی ژیانە لەلایەن کەسێکی ترەوە، کە ئەمەش بۆ خۆی نزمترین ئاستی ئەخلاقی سیاسیو فەرهەنگیە، چ لەسەر ئاستی تاکو چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، جا کۆمەڵگایەك نەتوانێت بەر لەئافرەت کوشتن بگرێت، ئەوا قسەکردن لەتیرۆر یان لەبوونی دیموکراسیو ئازادی بۆ خۆی جێگەی گاڵتەجاڕییە.

تیرۆر دیاردەیەکە چەندین هۆکار بەشدارە لەئەنجامدانیدا، لێرە بەکورتی ئاماژە بەچەند هۆکارێك دەکەین:

دیارە بەدرێژایی مێژوو هەر لەستافی ئەفسانەوە بیگرە تا ئەو ساتەی، بیری (عەقیدەی) مرۆڤ لەسەر تەرزێك ئایدۆلۆژیاو رسکاو پاشان لەفۆرمی سستمێکی دیاریکراودا فۆرمالە بوو، پەیوەندیەکی راستەوخۆ لەنێوان "عەقیدەی" مرۆڤو مۆرالدا پێك هاتو یاساو ڕێساکانی سەرجەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانو ئابوریەکانی دەنەخشێنن، لەو کاتەوەی جوغزی دەسەڵاتو سەرداری لەئافرەتەوە گوێزرایەوە بۆ دەسەڵاتی پیاو، پیاو بوە سەردار، سەر لەبەری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیو ئابوریەکان رووبەرووی گۆڕانێکی ریشەیی بونەوە، مرۆڤ لەسەرەتادا بەحوکمی سروشتی ژیان زۆر سادە ژیاوە، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی بنەما ئابوریەکان سروشتی ژیان گۆڕاو، دیاردەی موڵکداری تایبەتی سەری هەڵداو ئەم دیاردەیە لەگەڵ خۆیدا جۆرێك لەدەسەڵاتی ستەمکارانەی بەدوای خۆیدا هێناو فۆرمێك لەهەرەمیەتی دەسەڵات لەلایەن خودی مرۆڤەوە پیادەکرا، جۆرەها لەمپەڕ لەبەردەم مرۆڤو هەڵسوکەوتەکانیدا هاتنە بوون، ئەو بونەوەرەی کە کەمترین پشکی لەئازادی بۆمایەوە.

### ئافرەت بوون

دامەزراوەی ئاینی لەناو مێژووی شارستانی نوێدا بونیادێکی نیمچە نوێیە، کۆمەڵگای مرۆیی بەپێی باوەڕەکانی خۆی ژیاوەو سروتەکانی خۆی کردووەو ئەفسانەکانی گێڕاوەتەوە، ئەم تافە دەیەها هەزار ساڵی خایاندووە، بەڵام دامەزراوی ئاینی سەرپەرشتیو ئاراستەی دەکاتو خۆی دەکاتە دەسەڵاتو بنەمای باڵا، دامەزراوەی ئاینی لەقۆناغی گواستنەوە لەکۆمەڵگای گوندەوە بۆ کۆمەڵگای شار سیما وەردەگرێت، دامەزراوی ئاینی قەوارەیەکی دروست کراوی سەپێنراوە بەسەر ژیانی ئاینیدا، دەرکەوتنو پەرەسەندنی ئەم دامەزراوەیە وابەستەی بارودۆخی ئاڵۆزبوونی ژیانە، دامەزراوەی ئاینی بەشێوەیەکە ڕێکخەری ژیانی مرۆڤایەتیە لەدنیای کۆتاییو دنیای سەرحەدی، لێرەوە پەیوەندییەکی بتەو راستەوخۆ لەنێوان ئاینو مۆراڵدا دروست دەبێتو سەر لەبەری ژیانی مرۆڤایەتی سیستماتیزە دەکاتو دەخرێتە ژێر کۆنترۆڵی توندی ئاینەوە، بەشی زۆری یاساو تەشریعەکانی لەو دامەزراوە ئاینیەوە سەرچاوە دەگرن، کە دنیا پۆلێن دەکات بۆ دوو بەش، بەشی پاکو پیسو باشو خراپو حەرامو حەڵاڵ، هەر کاتێك تاك جەسورانەو بوێرانە کەوتە پیادەکردنی ژیانی تایبەت بەخۆیو هەموو ئەو لەمپەرانەی بەزاند کە بۆی دانراون، لەلایەن گروپە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەتوندی بەر نەفرەت دەکەوێت، وەك خێزان ـ یاسا ـ دواجاریش دەسەڵات، ئاینە پەکتاپەرستییەکان بەگشتیو ئیسلام بەتایبەتی، مرۆڤ بۆ دوو بەش پۆلێن دەکات، جەستەو رۆح، کە بۆ ئەمەش سودی لەئاینو بیروباوەڕەکانی پێش خۆی وەرگرتووە، روح ئەو بەشە نادیارو پیرۆزەیە کە لەناو جەستەدایەو تایبەت بەدنیای نادیارو باڵاوە، بەڵام جەستە ئەو بەشە دیارو ئەهریمەنیە، کە بەتوندی بەرنەفرەت دەکەوێت، کاتێك کە لەمپەرو یاساکان دەبەزێنێتو وەك تاکێکی خاوەن ئیرادەو سەربەخۆ بیردەکاتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو تاکە مێینە بێت.

کە من ئەو سوچو قوژبنانەی کە جەستەی شێوێنراوی ئافرەتێکی تێدا فڕێنەدرابێت، تەنها لەبەر ئەوەی هەوڵیداوە مومارەسەی بچوکترین ئازادی بکات.

کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی کە بەهەر هۆکارێك بێت، نەیتوانیوە ببێتە مەڵبەندی کەڵەکە بوونی سەرمایەو، پێکهێنانی ژێر خانێکی ئابوری پتەو، ئەمە سەرەڕای پیادەکردنی سیاسەتی چەوتو نالەباری بەعس، کە بەردەوام خەریکی درێژەپێدانی جەنگە دۆڕاوەکانی بوە، چ لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوەو چ لەناوخۆدا، ئەم بارودۆخەش گورزی گەورەی لەئابوری ئەم دەڤەرەو سەرجەم عێراق وەشاندووە. تاك بەگشتیو ئافرەت بەتایبەتی خاوەنی کەمترین بەش لەدەستهاتی ئابوری بوون، خۆ ئەگەر ئاوڕێك لەبارودۆخی دوای ڕاپەڕینو هەلومەرجی دەسەڵاتی کوردی بدەینەوە، ئەویش بۆ خۆی دەوری هەبوە لەسەر نەزیفی ئابوری لەکوردستان بەهۆی بەردەوامی شەڕی ناوخۆو تەخشانو پەخشان کردنی ئابوری کوردستان بەپێی لەبەرچاوگرتنی هیچ سنورو ڕێسایەك، ئەمانەش یەکێك بوون لەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی نزمبوونەوەی ئابوری تاکو ئافرەت بەتایبەتی کە بوونە قوربانی باری نالەباری ئابوریو زۆرجار ناچاربوون کە جەستەیان بکەنە سەرچاوەیەك یان سەرمایە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، دواجار ئەمانە بەسۆزانیو بەدڕەوشت ناوزەدکراونو بەتوندیو نامرۆزانە تیرۆر کراون.

سیاسەتی حکومەتی بەعس یەکێك بوە لەو سیاسەتانەی کە بەدەر بوە لەهەموو پێوەرێکی ئەخلاقیو سیاسەتێك بۆ ئیدامەدانو مانەوەی لەدەسەڵاتداو رازی کردنی کەسێتی نەخۆشو شەڕانگێزی، بەردەوام لەجەنگدا بووە، جا ئەو جەنگە ناوخۆی بوێت یان دەرەکی، پیاوان یەکەم توێژ بوون، بەرێژەیەکی زۆر بونەتە قوربانی ئەم سیاسەتە، ئەمە سەرەڕای بەردەوامی شەڕی ناوخۆی هێزە کوردیەکانو بەردەوامی دیاردەی کۆچ، سەرئەنجام ژمارەیەکی زۆر لەرەگەزی مێو ژنان بەبێ پیاو مانەوەو، ئەوانیش زۆرجار بۆ بژێوی ژیانو بۆ پڕکردنەوەی غەریزە سێکسیەکان، پەنایان بردۆتە بەر ئەو ڕێگایانەی کە کۆمەڵگا بەناشەرعیان دەزانێتو بونەتە قوربانی دەستی تیرۆر.

دیارە بەشی زۆری یاساکان مەرجەعی یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ تێکستەکانی ئاینو بەشێکی تریشیان لەلایەن دەسەڵات سیاسییەوە دانراون، کە ئەم یاسایانە واتە هەردوو جۆرەکەی ڕێگەخۆشکەر بوون لەبەردەم کوشتنی ئافرەت جا لەلایەن خێزانو بنەماڵەوە بێت، بەناوی پاراستنی ناموس یان لەلایەن دەوڵەتەوە بێت، ئەویش بەناوی یاساوە برەوپێدەری ئەم حاڵەتە بوە.

لەلایەکی ترەوە بارودۆخی هەڵواسراوی کوردستان، کە تێدا ئاشتیو جێگری سیاسی لاوازە، وای کردوە دەسەڵات لۆکاڵیەکان یاساو تەشریعەکانیان جیاواز بن بەرامبەر بەئافرەتانو بوار بۆ تیرۆر لەبارترو ئامادەتر بێت.

کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی سونەتیەو، تا هەنوکەش خێڵ بەڕێوەی دەبات، کە خاوەنی چەندین دابو نەریتی کۆنکرێتییە، کە دەرچوون لەو پەیوەندیە خێڵەکیانە بەتاوانێکی گەورە دەژمێردرێت، لەناو پێکهاتەی خێڵەکیدا تاك خاوەنی هیچ شتێکی خۆی نییە بەگشتیو مێ بەتایبەتی، خێزانو خێڵ خۆیان بەبەرپرسی یەکەمی هەموو هەڵسوکەوتەکانی تاکی مێ دەزانن، مێش بەرپرسە لەپاراستنی شەرەفی خێزانو خێڵ، ئەگەر زۆرجار بەویست یان بەبێ ویست ئەو نەریتە لەلایەن ئافرەتەوە تێکشکا، ئەوا کارێکی ناشەرعیو ناموس شکێنی ئەنجامداوە، ناموس لەناو پێکهاتەی خێڵدا، بەتوندی بەستراوەتەوە بەئۆرگانی سێکسی نێوە، بۆ کڕینەوەی ئەو شەرەف لەدەست چووە، خێڵ یان خێزان بەئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێتو وەك هەقێکی مەشروعی خۆشی تەماشای ئەوە دەکات، ئەو ئافرەت تیرۆر بکاتو بوونی بسڕێتەوە.

بنەبڕکردنی دیاردەی تیرۆرو تیرۆری ئافرەتان هەروا ئاسان نییە، چونکە ئەم دیاردەیە لەناو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا تواوەتەوە، وەك پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوریو فەرهەنگی حسابی بۆ کراوە.

بەدرێژایی ئەم دە ساڵەی دەسەڵاتی هێزە کوردیەکان لەهەرێمی کوردستان، ڕێکخراوی سیاسی کوردی بەتایبەتی ڕێکخراوە جەماوەریە بەرفراوانەکان، نەیانتوانیوە لەڕێی ئیشکردنیان لەناو کۆمەڵگادا، کار لەسەر ئامادەگییەکی فکری مۆدێرنو پێشکەوتووخواز بکەن کە بنەماکەی لەسەر دیموکراسیو مافی مرۆڤو ئازادی تاکەکەسی بنیات نرابێت، جوڵەیەکی وا بەسەرخانی کۆمەڵگا بدرێت، هەست بەگۆڕانکاریو بەرەو پێشچوون بکەین.

بەپێچەوانەوە ڕێکخراوە سیاسیەکانیش بەهەمان تێزو فکری خێڵەکیەوە هاتنەوە ناو جەماوەرو دوبارە ئەو فۆرمەیان درێژە پێداو قوڵیان کردەوەو کردیانە بەشێك لەبیرکردنەوەو کارپێکردنیان، هێندەی ئیش لەسەر پارچە پارچەکردنی کۆمەڵگاو خەرجکردنی کۆمەڵگا بەکێشەی لاوەکیو راپێچکردنی بۆ ناو ململانێی سیاسی دەسەڵاتە لۆکاڵیەکانو قوتکردنەوەی شەڕوو شۆڕی ناوخۆو دەرەکی لەبەردەم کۆمەڵگادا کراوە، هێندە ئیش لەسەر بواری کۆمەڵایەتیو بەها کۆمەڵایەتیە دواکەوتووەکان نەکراوە.

بۆ ڕێگەگرتن لەتیرۆر، کۆمەڵگا پێویستی بەهێزێکی فشاری گەورە هەیە لەلایەن رۆشنبیرانو ئافرەتانی وشیار هەم بەئیشکردنیان لەناو خەڵکو هەم وەکو فشارێك بۆ سەر دەسەڵات، کە بتوانرێت ریفۆرمی ئابوری سیاسی کۆمەڵایەتی ئەنجامبدرێت، هەروەها رەخنەگرتنی بەردەوام لەدەسەڵات بۆ زیاتر فەراهەمکردنی ئازادی تاکەکەسیو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی، ئەمانە سەرخەتی زۆر گشتی ئەو کارکردنەن، هەروەها ئێمە پێویستمان بەهەڵمەتێکی راگەیاندنی زۆر بەرفراوان هەیە، بۆ ئەوەی وشیارییەکی کۆمەڵایەتی بەتوێژە کۆمەڵایەتیەکان ببەخشین، لەو ڕێگەیەوە هێزێك پێکبهێنین، لەتوانایدا هەبێت ڕێگری لەو جۆرە کارانە بکاتو نەهێڵێت ئافرەت ببێتە قوربانی هەندێك گەمەی قێزەون کە تاوانەکەی لەبنەمادا بۆ خودی تاکی کۆمەڵگا ناگەڕێتەوە، هێندەی بۆ ئایدۆلۆژیاو پێکهاتەی فکریو مەعریفی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە، ئەمە جگە لەوەی چەکە مۆدێرنەکانی دەستی میلیشیا چەکدارەکان هۆکارێکی بەرچاوی فراوانبوونی ئەم کارە دزێوەیە.

